**Article**

IJOKS

**International Journal of Kurdish Studies**
(ISSN:2149-2751)
4 (1), pp. 27 – 41
http://www.ijoks.com

# The Classification of vowels and consonants in Syllable structure

***Dilshad M. GHARIB[1] & Mhemed MEHWI[2]***

**Received**: Oct 08, 2017 **Reviewed**: Oct 30, 2017 **Accepted**: Nov 05, 2017

**Abstract**

This study entitled ( The Classification of vowels and consonants in Syllable structures). It is a part of researchers PhD Dissertation entitled ( stress and accent in karkuk sub-dialect). Here, the researcher attempts to clarity and place the vowels and consonants in the structure and positions of those syllable by using tree diagram model the constituent model of classifying syllable structure for this scientific research. In the first model (tree diagram) the vowel (peak) or (nucleus) placed in the middle or center of the syllable under the rhymes and the onset and coda usually placed at the beginning or the end of the syllable.

This study consists of an introduction and two parts. The results and conclusions, with the abstract in both English and Arabic languages are presented at the end of the study. In part one is dedicated to the classification of vowels and consonants in Syllable structure.In the second part, the structure of vowels are clarified however, some basic tenets about consonant clusters at the beginning or the end of the word is mentioned.The samples and data had proved that it is not possible to have a zero onset and it is also impossible to have more than two consonant clusters initially. At the same time, in final position, it is possible to have zero coda, but it is impossible to have more than two allowed consonant clusters finally. The peak or nucleus of the Syllable can be either strong or weak Syllable.

**Keywords:** Syllable Structure, Sonority, Consonant, Vowel Length, Stress, CV- Model

**Recommended citation:**

Gharib D. M. & Mehwi, M. A. (2018). The classification of vowels and consonants in syllable structure. *International Journal of Kurdish Studies* 4 (1), 27 – 41. DOI: 10.21600/ijoks.383374

[1]Assitant, Department of Kurdish Language, College of Language speciality: PH.D Language Sulaimani University, Sulaimani, Kurdistan Region – Iraq.

[2]- Prof. Dr, Department of Kurdish Language, College of Sulaimani University, Sulaimani, Kurdistan Region – Iraq.

# پێشەکی

زمان پڕەوێکی دەنگییە، یاخود ئامێرێکە بۆ لە یەکترگەیشتن و وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی سودیلێدەبینرێت. هەر زمان و شێوەزارێکیش تایبەتمەندیی خۆی هەیە، کە دەبێتە پێناس و ناسنامەی و لە زمانەکانی تر جیایدەکاتەوە. ئەمەیش لەبەر ئەوەی، کە هەمو زمانێک دەستوور و هەندێک تایبەتمەندیی خۆی هەیە. هەریەکەیان بەپێی کۆمەڵێک یاسا و مەرج ڕەفتار لەگەڵ دانە ڕێزمانییەکاندا دەکات.

## - ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە

ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە بریتییە لە: (دابەشبونی پرگەیی و ناپرگەییەکان لە پێکهاتوی پرگەدا). هەروەها بەشێکە لە نامەی دکتۆراکەم لەژێرناوەکانی (هێز و ئەکسێنت لە شێوەزاری کەرکووکدا). هەوڵدەدرێت بەشێوەیەکی زانستی شوێنی پرگەیی و ناپرگەییەکانی (زمانی کوردیی - شێوەزاری کەرکووك) لە پرگەدا دیاریبکرێت.

## - هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە

لەزمانی کوردیی - دیالێکتی ناوەڕاستدا، تا وەکو ئەمڕۆ چەندین لێکۆڵینەوە لەبارەی (پرگە) ەوە بەرچاو دەکەون، بەڵام لە (شێوەزاری کەرکووکدا) لەم ڕووەوە لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ نابینرێت. سەرەڕای ئەوەیش کار بەمۆدێلی CV وەچە پێکهاتەکانی پرگە دەکرێت. ئەم مۆدێلە لەو ڕووەوە خۆی لە مۆدێلە تەختەکەی CV جیادەکاتەوە، کە تیایدا کرۆك، سەرەتا و کۆتایی پرگە جیاکراونەتەوە و بەسێ وەچە پێکهاتەوە دانراون.

## - ڕێباز و سنوری لێکۆڵینەوەکە

لەم شیکردنەوەیەدا، ڕێبازی (وەسفیی - شیکاریی) بەکارهێنراوە. دروستەی لێکۆڵینەوەکە لە پێشەکییەك و دوو بەش پێکهاتووە. بەگشتیی کەرەستەی (شێوەزاری - کەرکووك) هێنراوەتەوە. نمونە و داتاکانیش لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵکەوە وەرگیراون.

## بەشی یەکەم

## فۆنێمەکانی زمانی کوردیی (شێوەزاری کەرکووك)

### ١/١) پێرەوی پرگەیی و ناپرگەییەکان

بەمەبەستی شوێن و دەستنیشانکردنی فۆنێمەکانی زمانی کوردیی - شێوەزاری کەرکووك، پێویستە سەرەتا ئەو دەنگانە پۆلێن و جیابکرێنەوە، کە ئەمڕۆ لە زمانی ئاخاوتنی شێوەزارەکەدا دەبیسترێن و گۆدەکرێن. لەزمانی کوردییدا زاراوەی (پرگەیی) بۆ (ڤاوڵ) و (ناپرگەیی) بەرانبەر (کۆنسۆنانت) بەکاردەهێنین، چونکە پرگە دەبێتە کرۆکی پرگە و هیچ پرگەیەک بەبێ پرگەیی دروستنابێت (محەمەدی مەحویی: ٢٠١٦ : ١٤٠- ١٤١).

خشتەی(١- ١) پۆلێنکردنی فۆنێمەکانی زمانی کوردیی



### ١/١- ١) ناپرگەییەکان consonants
دەنگە ناپرگەییەکان لە کاتی درکاندنیاندا، ئەو ئەندامانەی بەشداری لە دروستبوونیاندا دەکەن، (دێنەوە یەك) یان (لەیەكدی نزیك دەبنەوە)، واتا لە هەندێك شوێندا ڕێگە لەو بایە دەگیردرێت، کە لە سییەکانەوە دەردەچێت و لە دەم یان لە لوتەوە دێتەدەرەوە و بەئارەزووی خۆی نایەتە دەرەوە. بۆ نمونە، ناپرگەییەکانی: [ب، پ، ت، د،...هتد] بەپێی ئۆرگانەکانی دروستکردنیان پۆلێنکراون بۆ (گەروویی، پشتەوەی (مەڵاشویی)، ڕەقە مەڵاشویی، پوکیی، لچولێوی و ددانیی)، بەڵام بەگوێرەی مۆرکانیان دەمیی لە لوتیی، گیراو لە خشۆك جیاکراونەتەوە (محەمەدی مەحویی: ٢٠٠٨ : ١٥٤-١٥٦).

### ١/١- ٢) گیراوەکان plosive
ئەم چەشنە ناپرگەییانە لە گەرووداا یان لە بۆشایی ناو دەمدا، لە ڕێڕەوی هاتنەوە یەك و داخستنێکەوە بەرهەمدەهێنرێن. کردنەوە و لەپڕگرتن و داخستنەکە خشە و خشپەیەك، یان گیراوەیەکی لێدەکەوێتەوە. (نسرین حیدەری، ساڵ : ١٣٣٨: ٦٠). دەنگە گیراوەکان بریتیین لە: ([p, b, t, d, k, g, q, ʔ ]).

### ١/١- ٣) خشۆکەکان fricatives
لەکاتی درکاندنی خشۆکەکاندا، لە بۆشایی ناو دەمدا یان لە بۆشایی ناو گەرودا، لە ڕێگایی تەسککردنەوەیەکەوە دروستدەکرێن. تەوژمی بایش زۆر تەگەرەی جیاواز دێتە ڕێگایی و دەکەوێتە گێژاوێکەوە و دەنگەکەی وەك خشەی لە یەکخشاندنی دوو کەرەستە دەبیسترێن. لە شێوەزاری کەرکووکدا، وەهایدادەنێین بریتیبن لەم دەنگانە: ( [f, v, s, z, ʃ, ʒ ]).

### ١/١- ٤) ئەفریکات affricate
دەنگە ئەفریکاتەکان لە تێکەڵبوونی تەقیوێك و خشۆکێك پێکدێت. ئەم جۆرە ناپرگەییانە لە دەنگەکانی: ([tʃ, dʒ]). (Mike Davenport and Hannahs: 2005: 26 ) پێکدێت.

### ١/١- ٥) لوتییەکان nasals
لەکاتی درکاندنی دەنگە لوتییەکاندا، نەرمە مەڵاشوو نزم دەبێتەوە و هەندێک جار ڕێڕەوەی دەم و لێو دادەخرێت، بەمەیش هەموو باکە بە ڕێڕەوەی لوتدا دێتە دەرەوە. ناپرگەییە لوتییەکانیش بریتیین لە: ([ n, m, ŋ ]).

### ١/١- ٦) دەنگە لاییەکان lateral sounds
لەکاتی بەرهەمهێنانی ئەم جۆرە دەنگانەدا ([ ɫ, l ])، با لە ناوەڕاستیی بۆشایی دەمدا گیردەبێت یان تەسکدەبێتەوە. لە ئەنجامیدا تەوژمی باکە لادەدات و لەو دەنگانەن بە ئەملا و ئەولای زماندا تێدەپەڕنە دەرەوە.

### ١/١- ٧) دەنگە لەرزۆکەکان vibrants sounds
بەو دەنگانە دەگوترێت، کە سەری زمان بەخێرایی و لەسەر یەك لە نوکی سەرەوە یان نێوان نوکی سەرەوەی زمان دەدات([ R, r ]).

### ١/١-٨) نیمچە ناپرگەییەکان
نیمچە ناپرگەییەکان (خشپەدەنگ - obstruents ) و ( زرنگدەرەوەییەکان-sonorance ) تەنها لە وچەپێکهاتەی سەرەتا و کۆتایی پرگەدا دەردەکەون و پرگە دروستناکەن ([ w, Y ]).

### ٢/١) پرگەییەکان vowels
دەنگە ناپرگەییەکان لە ڕوی ئۆرگانییەوە Articulation وەك زرنگدەرەوەیی دیاریدەکرێن و پێناسەیان بۆدەکرێت، چونکە لەکاتی دروستکردن و درکاندنیاندا با لە دەم دێتە دەرەوە و بێ

ئەوەی هیچ ئەندامێکی بێتەوە یەك و ڕێگایان لێبگیرێت. بەشێوەیەکی گشتیی، ڕەهەندە ئۆرگانییەکان دابەشدەکرێن بۆ: (ا) ڕادە و پلەی کراوەیی دەم (داخراو تا کراوە)، (ب) جێکەوتەی بەرزترین بەشی زمان (پێشەوە تا پشتەوە)،(پ) شێوەی لچ و لێو (خڕکراوە تا خڕنەکراوە). داتا و نمونەکان پێمان دەڵێن، لە شێوەزارەکەدا دوو جۆر بڕگەیی بەدیدەکرێت.

### ١- بڕگەییە یەك دەنگییەکان

لە شێوەزارەکەدا دەنگەکانی: ([u:~ wi, u, i:, i, ɨ, wi, ə, we, o, e, a]) بە بڕگەییە یەک دەنگییەکان ناسراون. بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە خشتە و شوێنی دروستبوونی بڕگەییە یەک دەنگییەکان (بڕوانە: محەمەدی مەحویی: ٢٠١٦: ١٣٠ - ١٣٣ و peter ladefoged: 2005 :44 ). پاشان ئاشکرا دەبێت، کە بڕگەییە ساردەکە ([ ɨ]) لە نێوان چەپك نابڕگەییە ڕێگەپێدنەراوەکاندا وەك بڕگە - دروستکەر دەردەکەوێت و تەنانەت دەیشتوانێت هێز هەڵبگرێت، وەك:

-/هاتن/ < hatin > [ha . t’ɨn ] (ناوی کرداریی)

-/هاتن/ < hatin > [h'a: . tɨn ] (ئەوان هاتن)

### ٢- دوو دەنگییەکان - Diphthongs

دوو دەنگییەکان، لە ڕوی دروستەوە لە دوو دەنگ پێکهاتوون، بەڵام کاتێك بەنوسینی کوردیی دەنوسرێن و بە دوو گرافیم دەنوێنرێن و وەکو یەك فۆنێم ئەژماردەکرێن. وهای بۆدەچین دوو دەنگییەکان - Diphthongs بریتیبن لە: ([ai, au, eo, ou, əu, əi, iu]) (محەمەدی مەحویی: ٢٠١٦: ٤٨٤ ).

## بەشی دوهەم

## دروستەی هەڕەمیی بڕگە و دابەشبونی تەواوکەرانەی بڕگەیی و نابڕگەییەکان

### ٢/١) دروستەی هەڕەمیی بڕگە

بەمەبەستی دەستنیشانکردنی دروستەی هەڕەمیی، کار بەمۆدێلی CV وەچەپێکهاتەکانی بڕگە دەکرێت. ئەم مۆدێلە لەوڕووەوە خۆی لە مۆدێلە تەختەکە CV جیادەکاتەوە، کە تیایدا کرۆك و سەرەتا و کۆتایی بڕگە جیاکراونەتەوە و بەسێ وەچەپێکهاتە دانراون (بڕوانە: هێڵکاری هەڕەمیی بڕگە و دابەشبوونی تەواوکەرانەی بڕگەیی و نابڕگەییەکان) لە خشتەی (٢-١) دا). دروستەی وشە یەك بڕگەییەکان بەمۆدێلی وەچەپێکهاتەکان نیشاندەدرێن، هەر وەچەپێکهاتەیەکیش لە دوو کەرەستە زیاتری تێدا نییە (محەمەدی مەحویی: ب٢: ٢٠٠٨: ٨٥-٨٩). بڕگەییەکان کرۆك دروستدەکەن، کرۆکیش بڕگە دروستدەکات و سەرەتایی بڕگەیش نابێت بۆش/ بەتاڵ بێت. لە جێکەوتەکانی کرۆکی بڕگەدا دوو بڕگەیی گرژ، یان بڕگەیێکی خاو، یاخود بڕگەیێکی دوو دەنگی دێت (محەمەدی مەحویی: ٢٠١٦: ١٥٠ و ئەو سەرچاوانەی لەوێدا ئاماژەیان پێدراوە). بەم شێوەیە دەتوانین بەپێی ڕێسای دوو پەلکیی بچوکترین دروستەی بڕگە تا گەورەترین دروستەی بڕگە بە ژمارەی کەرەستەکانەوە دیاریبکەین، بۆ بڕگەیی درێژ و دوو دەنگییەکانیش بەهێمای (vv) نیشاندەدرێن. هەروەها بۆ بڕگەییە ساردەکەیش (بزرۆکە - ɨ) بە هێمای (v) بەرجەستەدەکرێت.

(٢- ١) هێڵکاریی هەڕەمیی دروستەی بڕگە، بە وەچەپێکهاتەکانیەوە



| | Onset | | nucleus | | coda | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | C | C | V | V | C | C |
| [si:] | s | | i | i | | |
| [bri:n] | b | r | i | i | n | |
| [dost] | d | | o | | s | t |

ڕونکردنەوەکان:

| | |
|---|---|
| پڕگە | Q |
| سەرەتای پڕگە | onset |
| سەروا | rhyme |
| کرۆکی پڕگە | nucleus |
| کۆتایی پڕگە | coda |

## ٢/١- ١) تەرزی پڕگەییەکان لە شێوەزارەکەدا، بەپێی خاو و گرژییان دوو جۆرن

### ا) پڕگەییەکانی سەرەوە

١- پڕگەییە - خاوەکان (/ وو، یی/) CV

/ سیی/، / دوو/، / بوو/

[si:], [du:], [bu: ˜ bwi]

٢- پڕگەییە - گرژەکان (/ و، ی/) CV

/ بی/، / فو/، / تو/

[bi], [fu ˜ pv], [tu]

### ب) پڕگەییەکان ڕیزی ناوەڕاست و خوارەوە

١-/ دۆ، دێ، پا، دە، خوێ / CV

[do], [de], [pa] ~ [pe], [də], [xœ]

٢- / مار/، / تێر/، / سەر/، / بۆر/، / دوێت /،/ من/ CVC

[mar], [ter], [sər], [bor], [dœt],[mɨn]

٣-/ گێسک/، / پێست/، / مەست/، / دۆست/ CVCC

[gesk] ˜ [gisk], [pest], [məst], [dost]

٤- / گڵێم/، / پڕۆش/، / بژوێن/ CCVC

[gɫem], [bRoʃ], [bʒœn]

هێڵکاریی دەرپراوی تەرزەکانی بڕگە




بڕگەدا دەردەکەون و ڕێگەیان پێدەدرێت، یاخود بەپێچەوانەوە ڕێگەیان پێنادرێت، نیشانبدەین. بۆ نمونە هەندێک لە چەپکە ناپڕگەییەکان بەپێی پلەپێوەری زرنگدەرەوەیی لە سەرەتای بڕگەدا ڕێگەیان پێدەدرێت (خشپەدەنگ و زرنگدەر) ەوەکان، لە پێڕەوە فۆنەتاکتیکییەکاندا لە سەرەتای بڕگەدا پێکەوە دەرناکەون. بەڵام ئەم مەرجە لەکۆتایی بڕگەدا ناخوات و دەردەکەون. هەروەها، وەهای بۆ دەچین لە زۆربەی زۆری چەپکە ناپڕگەییەکاندا، کە بەپێی پلەپێوەری زرنگدەرەوەیی لە سەرەتا و کۆتایی بڕگەدا ڕێگەیان پێدەدرێت لە ڕوی فۆنەتاکتیکییەوە بڕگەییە ساردەکە[ ɨ ] دەربکەوێت. بۆ نمونە وشەکانی، وەك: (/ پرد، خرپن/) پاش ڕێکخستنی توخمە پێکهێنەرەکانیان بەم شێوەیە بەرجەستەدەکرێن: ([pɨrd, xɨr . pɨn]) (بڕوانە: محەمەدی مەحوی: ٢٠٠٨: ١٧٥). بۆیە هەوڵدەدەین بەکورتی هەندێک لەو چەپکە ناپڕگەییانەی، کە لەسەرەتا و کۆتایی بڕگەدا ڕێگەیان پێدەدرێت یان پێنادرێت، بخەینە ڕوو. لەگەڵ ئەوەیشدا لەم گفتوگۆیەدا لەبەر ئەوەی ناپڕگەیی[ʔ] لە سەرەتا و کۆتایی بڕگەدا ڕێگەپێنەدراوە و تەنها لەگەڵ بڕگەییەکاندا دەردەکەوێت، بۆیە نمونەی بۆ نەهێنراوەتەوە.

پلە پێوەری زرنگدەرەوەیی



گیراو خشۆك زرنگدەرەوە نیمچە بڕگەیی کرۆکی بڕگە نیمچە بڕگەیی
زرنگدەرەوە خشۆك گیراو

خشتەی(٣- ١ ) (بڕوانە: عادل ڕەشید قادر: ٢٠٠٨: ٦٥)

1- گیراو + زرنگدەرەوە

ا) ئەو چەپکە ناپڕگەییانەی لە سەرەتای بڕگەدا ڕێگەیان پێدەدرێت

١- [b] / بڕین/، / برۆ/، / بلیمەت/، / بڵاو/، / بنار /
[bRi:n], [bro], [bli . mət], [bɫau], [bnar]

٢- [p] / پڕۆژە /، / پلان/، / پڵاو /
[pRo . ʒə], [pla:n], [pɫa:u]

٣- [t] / ترێ/، / تڕوهات /، / تلانەوە /
[tre], [tRu . ha:t] ,[ tla . nə . wə ]

٤- [k] / کراس/، / کڕین/، / کلێتە/، / کڵاو/
[kra:s], [kRi:n], [ kle . tə],[kɫa:u]

٥- [q] / قڕان/، / قلاو/
[qRa:n], [qla:u]

٦- [d] / درێژ /، / دلێر/، / گڵۆپ /، / دنیا /
[drez], [dler], [gɫop], [dnya]~[dunya]

٧- [g] / گران /، / گڵاڵی /، / گلارە /
[gra:n], [gɫa . ɫi], [ gla . rə]

ب) ئەو چەپکە ناپڕگەییانەی لە سەرەتای بڕگەدا ڕێگەیان پێنادرێت

١- [b] / بم/*، / بنگ/* *[bm],*[bŋ]

٢- [p] / پر/*، /پم/*، / پن/*، /پنگ /* *[pr],*[pm],*[pn],*[ pnŋ]

٣- [t] / تڵ/*، /تم/*، /تن/*،/ تنگ/* *[tɫ],* [tm],*[ tn],*[tŋ]

٤- [k] / کم/*، / کن/* ، /کنگ/* *[km], *[kn] ,*[ kŋ]

٥- [q] / قر/*، /قڵ/*، /قم /*، / قن/*، /قنگ/*
*[qr], *[qɫ], *[qm], *[qn], *[qŋ]

٦- [d] /دم/*، /دنگ/*،/دڕگ/*
*[dm],*[dŋ],*[dRg]

٧- [g] / گڕ/* ، / گم/* ، / گن /* ، /گنگ/*
*[gR],*[gm],*[gn],*[gŋ]

٢- خشۆك + زرنگدەرەوە

ا) ئەو چەپکە ناپڕگەییانەی لە سەرەتای بڕگەدا ڕێگەیان پێدەدرێت

١- [ f] / فرە /، / فڕین/، / فڵتە /
[frə], [fRi:n], [fɫtə]

٣- [s] / سروشت/، /سڕین/، /سلێمانی/، /سڵاو/، /سمۆره/، /سنار/
[sruʃt],[sRi:n], [sle . ma . ni], [sɫau], [smo . rə], [sna:r]

٣- [z] / زریکە/، /زڕان/، / زلە/، / زمان/، /زنانە/
[zri: . kə], [zRa:n:], [zlə], [zma:n], [zna . nə]

٤- [ ʃ ] / شرین/، /شڕه/، /شلێر/، /شمەك/، /شنۆ /
[ʃri:n], [ʃRə], [ʃler], [ʃmək], [ʃno]

٥- [ʒ] / ژماره/، /ژنانه/
[ʒma . rə], [ʒna . nə]

٦- [x] / خراپ/، /خڕێڵه/، /خله/، /خڵافان/، /خنه/
[xra:p], [xRe . ɫə], [xlə], [xɫa . fa:n], [xnə]

## ب) ئەو چەپکەناپرگەییانەی لە سەرەتای بڕگەدا ڕێگەیان پێنادرێت

١- [f] / فم/* ، /فن /* ، /فنگ/* ، / فلس/*
*[fm],*[ fn], *[fŋ],*[fls]

٢- [v] / ڤر/*، / ڤڕ/*، / ڤل/*، / ڤڵ/*، / ڤم/*، / ڤن/*، / ڤنگ/*
* [vr],*[ vR],*[vl],*[vɫ],*[vm],*[vn] *[fŋ]

٣- [s] / سنگ /*
* [sɨŋ]

٤- [z] / زنگ /*، / زڵکاو/*
*[zŋ],*[zɫ . kau]

٥- [ ʃ ] /شڵ /*، / شنگ /*
* [ʃɫ], *[ʃŋ]

٦- [ ʒ ] / ژر/*، /ژڕ/*، / ژل/* ، /ژڵ/*، / ژنگ/*
*[ʒr], *[ʒR],*[ ʒl],*[ʒɫ],*[ʒŋ]

٧- [x] /خم/* ، / خنگ/*
*[ xm],*[xŋ]

٨- [ɣ] / /*

٩- [h] / /*

١٠- [ɦ] / /*

١١- [ ʕ ] / /*

نمونەکانی سەرەوە ئەوە نیشاندەدەن، کە ناپرگەییەکانی [v, ɣ, h, ɦ, ʕ] لە سەرەتایی بڕگەدا، لەگەڵ زرنگدەرەوەییەکاندا ڕێگەیان پێنادرێت، هەروەها ناپرگەییەکانی [ ʒ, f ] یش، زۆر چالاك نین.

## ٣- ئەفریکات + زرنگدەرەوە

ا) ئەو چەپکە ناپرگەییانەی لە سەرەتای پرگەدا ڕێگەیان پێدەدرێت

١- [ tʃ ] /چرا/، /چنین/، /چله/، /چڵێس/، /چڕین/
[ʧra:], [ʧni:n],[ʧlə], [ʧɫes], [ʧRi:n]

٢- [dʒ] / جمعه/، / جڵەو/، / جنۆکە /
[ʤmʕə ~ ʤumʕə], [ʤɫəu], [ʤno . kə]

ب) ئەو چەپکە ناپرگەییانەی لە سەرەتای پرگەدا ڕێگەیان پێنادرێت

١- [ tʃ ] / چم/*، /چنگ/*
[ʧm], *[ʧɨŋ]

٢- [dʒ] / جر/*، /جڕ/*، /جل/*، / جنط/*
*[ʤr], *[ʤR], *[ʤɫ], *[ʤŋ]

٤- گیراو + خشۆك
ا) ئەو چەپکە ناپرگەییانەی لە سەرەتای پرگەدا ڕێگەیان پێدەدرێت

١- [b] / بڤە/، /بزوێن/، / بژوێن/, /بشێوی/
[bvə], [bzœn], [bʒœn], [bʃe . wi]

٢- [p] / پسولە/، /پژمە/، /پشیلە/
[psu . lə], [pʒmə], [pʃi: . lə]

٣- [t] / تسین/
[tsi:n]

٤- [d] / دزین /
[dzən]

٥- [k] / کشان/، /کزە/
[kʃa:n], [kzə]

٦- [g] / گزی/، /گڤە /
[gzi:~ gzɨk], [gvə]

٧- [q] /قسە/
[qsə]

ب) ئەو چەپکە ناپرگەییانەی لە سەرەتای پرگەدا ڕێگەیان پێنادرێت

١- [b] / بف/*،/ بس /*
*[bf],*[bs]

٢- [p] / پف/* ،/ پڤ/*، /پز/*
*[pf], *[pv], *[pz]

٣- [t] / تفەنگ/*، / تڤ/* ، /تز/* ، /تش/* ، /تژ/*
*[tfəŋ],*[tv], *[tz],*[tʃ], *[tʒ]

٤- [d] / دب/* ، /دڤ /* ، / دس/*، /دش/*، /دژ /*
*[db],*[dv],*[ds],*[dʃ],*[dʒ]

٥- [k]  / کب/*، /کپ/*، /کڤ/* ، /کس/*، / کژ /*
*[kb],*[kp],*[kv],*[ks], *[kʒ]

٦- [g] / کب/* ، / کپ/* ، / کس/* ، / کش/* ،/ کژ /*
*[gb],*[gp],*[gs],*[gʃ], *[ gʒ]

٧- [q]  / قفڵ /*، / قڤ/*، /قز/*، /قش/*، / قژ /*
*[qfɫ ] ~ [qu . fɫ],*[qv], *[qz], *[ qʃ], *[qʒ]

نمونەکانی سەرەوە ئەوە نیشاندەدەن، کە دەنگە گیراوەکانی [p, t, d, k, g, q] لە سەرەتای بڕگەدا، لەگەڵ خشۆکەکاندا زۆر چالاك نین.

## ٢/١- ١- ٣) وەچە پێکهاتەی کۆتایی بڕگە

## ا- زرنگدەرەوە + گیراو

### ا) ئەو چەپکە ناپڕگەییانەی لە کۆتایی بڕگەدا ڕێگەیان پێدەدرێت

1- [r]  /شوارب/، / ترپ/، / کەرت/، / کورد/، / سەرك/، / مەرگ/
[ʃwarb], [tɨrp], [kərt], [kurd], [sərk], [məg]

2- [R]  / جڕت/، / دڕك/، / قوڕگ/
[quRi]~ [zoRt]~[ʤɨRt], [dɨRk], [qoRg]

3- [ɫ]  / قاڵب/، /قەڵپ/، / سەڵت/، / چەڵق/، / خەڵک/
[qaɫb], [qəɫp], [səɫt], [ʤəɫq], [xəɫk]

4- [m]  / کەمپ/، /مەمك/
[kəmp], [məmk]

5- [n]  /هونەرمەند/، / سەنت/، /نەنك/، /مانگ/
[hu , nər . mənd], [sənt], [nənk], [maːŋ]

### ب) ئەو چەپکە ناپڕگەییانەی لە کۆتایی بڕگەدا ڕێگەیان پێنادرێت

١- [r]  / رق/*
*[rq]

٢- [R]  / ڕب/*، / ڕپ/*، / ڕد/*، / ڕق/*
* [Rb],*[Rp],*[Rd],*[Rq]

٣- [l]  / لب/*، / لپ/*، /لت/*، /لد/*، /لك/*، /لک/*، / لق /*
* [lb],*[lp],*[lt],*[ld],*[lq],*[lk],*[lg]

٤- [ɫ]  / ڵد/*، / ڵگ/
*[ɫd],*[ɫg]

٥- [m]  /مب/*، /مت/*، /مد/*، /مق/*، /مك/*
*[mb],*[mt],*[md],*[mq],*[mk],*[mg]

٦- [n]  / نب/*، / نپ/*، /نق/*

*[nb],*[np],*[nq]
٧- [ŋ] /نگب/*، / نگپ/*، / نگت/*، /نگد/*، /نگق/*، /نگك/*،/ نگگ/*
*[ngb],*[ngp],*[ngt],*[ngd],*[ngq],*[ngk],*[ngg]

بەپێی نمونەکانی سەرەوە، وەهای بۆدەچین ناپڕگەیی [ŋ] لە کۆتایی پڕگەدا بەهیچ شێوەیەک ڕێگەی پێنەدرێت و دەرنەکەوێت، هەروەها ناپڕگییەکانی [R, l, ɫ, m, n] لە کۆتایی پڕگەدا زۆر دەرنەکەون.

2- زرنگدەرەوە + خشۆك
ا) ئەو چەپکە ناپڕگەییانەی لە کۆتایی پڕگەدا ڕێگەیان پێدەدرێت

1-[r] / عارف/، / مارس/، / وەرز/، / کەرش /، / گرژ /
[ʕa:rf], [ma:rs], [wərz], [kərʃ], [gɨrʒ]

2-[ɫ] / قوڵف / [quɫf ]

ب) ئەو چەپکە ناپڕگەییانەی لە کۆتایی پڕگەدا ڕێگەیان پێنادرێت

١- [r] / عارڤ /*
*[ʕa:rv]

٢- [R] / ڕف /*، / ڕڤ /*، / ڕس/*، / ڕز/*، / ڕش /*، / ڕژ/*
*[Rf],*[Rv],*[Rs],*[Rz],*[Rʃ],*[Rʒ]

٣- [l] / لف/*، /لڤ/*، /لس/*، /لز/* ،/لش/*، /لژ/*
*[lf],*[lv],*[ls],*[lz],*[lʃ],*[lʒ]

٤- [ɫ] / ڵڤ /*، / ڵس /*، / ڵز /*، / ڵش/*، /ڵژ /*
*[ɫv],*[ɫs],*[ɫz],*[ɫʃ],*[ɫʒ]

٥- [m] / مف/*، / مڤ/*، / مس/*، / مز/*، /مش/*، / مژ /*
*[mf],*[mv],*[ms],*[mz],*[mʃ],*[mʒ]

٦- [n] / نف/*، / نڤ/*، / نس/*، / نز/*، / نش/*، / نژ /*
*[nf],*[nv],*[ns],*[nz],*[nʃ],*[nʒ]

٧- [ŋ] / نگب/*، / نگپ /*، / نگت /*، / نگد /*، / نگق /*، / نگك /*،/ نگگ /*
*[ŋb],*[ŋp],*[ŋt],*[ŋd],*[ŋq],*[ŋk],*[ŋg]

نمونەکان ئەوە دەسەلمێنن، کە ناپڕگەیی [r] لە کۆتایی پڕگەدا، تەنها لەگەڵ ناپڕگەیی [v] دا، دەرناکەوێت. بەڵام لەگەڵ هەمو خشۆکەکانی دیکەدا دەردەکەوێت. هەروەها ناپڕگەییە زرنگدەرەوەکانی [R, l, ɫ, m, n, ŋ] لە کۆتایی پڕگەدا لەگەڵ ناپڕگەییە خشۆکەکاندا بەدەگمەن دەبینرێنەوە.

٣- زرنگدەرەوە + ئەفریکات

ا) ئەو چەپکە ناپڕگەییانەی لە کۆتایی پڕگەدا ڕێگەیان پێدەدرێت

| | | |
|---|---|---|
| ١- [r] | / پرچ /، / مەرج / | [pɨrʧ], [mərʤ] |
| ٢- [m] | / دەمج/، / قەمچ / | [dəmʤ], [qəmʧ] |
| ٣- [n] | / بەنج/ | [bənʤ] |

ب) ئەو چەپکە ناپڕگەییانەی لە کۆتایی بڕگەدا ڕێگەیان پێنادرێت

| | | |
|---|---|---|
| ١- [R] | /ڕج/*، /ڕچ/* | *[Rʧ],*[Rʤ] |
| ٢- [l] | / لج/*، / لچ/* | *[lʧ],*[lʤ] |
| ٣- [ɫ] | / ڵج/*، / ڵچ/* | *[ɫʧ ],*[ɫʤ] |
| ٤- [m] | /مچ/* | *[mʧ] |
| ٥- [n] | / بەنچ/* | *[bənʧ] |
| ٦- [ŋ ] | / نگچ/*، /نگج/* | *[ŋʧ],*[ŋʤ] |

## ٢/٢) دروستەیی بڕگەییەکان لە کرۆکی بڕگەدا

### ٢/٢-١) بڕگەییە درێژ / خاوەکان

داتا و نمونەکان ئەوەیان سەلماندوە، کە لە شێوەزاری کەرکووکدا، بڕگەیی کرۆکی بڕگەییە و بڕگەیش بەبێ بڕگەیی دروستناکرێت. هەروەها بۆ وەچەپێکهاتەی سەرەتا و کۆتایی بڕگە، هەندێک شیکردنەوە و ڕونکردنەوە پێشکەشکران، کە نابێت سەرەتای بڕگە بۆشبێت و لە دوو ناپڕگەیی - ڕێگەپێدراو زیاتری تێدا بێت. لەگەڵ ئەوەیشدا کۆتایی بڕگەییش دەشێت بۆشبێت و نابێت لە دوو ناپڕگەیی - ڕێگەپێدراو زیاتری تێدا بێت.

کرۆکی بڕگەیش دەکرێت دوو جێکەوتەکەی بە بڕگەیی گرژ یاخود خاو پڕبکرێتەوە، بۆ نمونە بڕگەییە گرژەکانی سەرەوە، بریتین لە (/ و - u، ی - i/). خاوەکانیش لە: (/ وو - u:، یی - i:/) پێکهاتوون و بە دوو بڕگەیی ( v v) نیشاندەدرێن.

#### ا) بڕگەییە کورت / گرژەکانی سەرەوە (/ و - u، ی - i/)

| | | |
|---|---|---|
| 1- / بی/، / تو/ | [bi], [tu] | CV |
| / بیی/*، / توو/* | *[tu:] ,*[bi:] | CV |
| 2- / تییر/، / سییر/ | *[ti:r],*[ci:r] | CVC |
| 3- / بیست/، / ویست/، / کورد/، / سروشت/ | [bist], [wist], [kurd], [sruʃt] | CVCC |

#### ب) بڕگەییە خاو / درێژەکانی سەرەوە (/ وو - u:، یی - i: /)

| | | |
|---|---|---|
| ١- / دوو/، /سیی/ | [du:], [si:] | CV |
| ٢- / چوون/، / بوون/، / سییر/، / پییر/ | | CVC |

[ʧu:n˜ ʧwin ], [bu:n˜ bwin], [si:r], [pi:r]

## ٢/٢- ٢) دروستەی بڕگە بۆ بڕگەییە (خاو / گرژە)کانی سەرەوە




هێڵکاریی (٤- ١)بۆ بڕگەییە (گرژە)کان




هێڵکاریی (٥- ١) بۆ بڕگەییە (خاو)کان

نمونەکانی خشتەی (٤- ١) ئەوە نیشاندەدەن، کە بڕگەییە (گرژ) ەکانی سەرەوە ( u, i ) لەو بڕگانەدا ( گرژ / کورت)ن، کە قورساییان لەسەر نییە، بۆ نمونە وشەکانی (/ بیست، ویست...هتد/) کورتن. بەڵام (/ بییست، وییسست،....هتد/) * بەدیناکرێن و ڕێگەپێنەدراون. هەروەها لەو بڕگانەی قورساییان لەسەرە (خاو/ درێژ) دەردەبڕرێن (بڕوانە: ٥-١).

سەبارەت بە بڕگەییەکانی ناوەڕاست و خوارەوە (/o, e, a/) وەکو فۆنێم کورتن، بەڵام لە هەمو تەرزەکانی تری بڕگەدا، سەرپشکیی دەشێت بەفۆنەیتیکی گرژ یان خاو دەرببڕرێن و بەرجەستەبکرێن، وەك

٣- / ماڵ/، / دۆ/، /دێ/

[maɫ] ~[ma:ɫ], [do]~ [do:], [de]~[de:]

## ٢/٢ - ٣) جێکەوتەی (دوو دەنگییەکان – diphthong) لە کرۆکی بڕگەدا

لە ڕونکردنەوە و نمونەکانی پێشتردا، شوێنی بڕگەییە یەك دەنگییەکان نیشاندران. نمونەکان ئەوە دەسەلمێنن، کە بڕگەییەکان بڕگە دروستدەکەن و تەنها بڕگەییەکان لە کرۆکی بڕگەدا دەبینرێنەوە. هەروەها نیمچە نابڕگەییەکانیش لەسەرەتا یا خود کۆتایی بڕگەدان و بەشداریی لە کرۆکی بڕگەدا ناکەن. دەنگەکانی [ai, au,eo, ou, əu, əi, iu] وەکو بڕگەیی دوو دەنگیی لە شێوەزارەکەدا بەرجەستەدەکرێن.

4- / شای/، / چاو/، / دێو/، / تۆو/، / چەو/، / کەی/، / زیو/

[ʃai],[ʧau], [deu], [tou], [ʧəu], [kəi], [ziu]




**-[ʃai] ʃ a i**
**-[ʧau] ʧ a u**
**-[deu] d e u**
**-[tou] t o u**

## هێڵکاریی (٦- ١)

## ئەنجام

١- بەپێی داتا و نمونەکان، پڕگەییەکان پڕگە بەرهەمدەهێنن و وەچەپێکهاتەکانی پڕگەیش سەرەتا و کۆتایی پڕگە دروستدەکەن. دەشێت هەریەکەیان دوو پڕگەیی گونجاویان لەگەڵ پلەپێوەری زرنگدەرەوەیی تێدا بێت. بەشەکانیش بەپێی تایبەتمەندیی شێوەزارەکە فۆنێمێک یان چەند فۆنێمێکی تێدایە، هەندێک جاریش کۆتایی پڕگە دەشێت بۆشبێت و هیچ فۆنێمێکی تێدا نەبێت.

٢- لە سەرەتای پڕگەدا، پڕگەییەکان ( V* ) و هەندێک لە ناپڕگەییە زرنگدەرەوەییەکان، وەکو ( /ŋ / ، /ɫ/ ،/r/...هتد) لە سەرەتای پڕگەدا ڕێگەپێنەدراون و دەرناکەون، بەڵام دەکرێت لە کۆتایی پڕگەدا دەربکەون و بەکاربهێنرێن.

٣- پڕگەییە ( گرژ و خاو) ەکانی سەرەوە (/ و - u، ی - i/) ، (/ وو - :u، یی - :i/) لەناو وشە یەك پڕگەییەکاندا بەدروستەی جیاوازەوە دەبینرێنەوە. هەروەها پڕگەییەکانی ناوەڕاست و خوارەوە ( /o, e, a/ ) وەکو فۆنێم کورتن، بەڵام لە هەمو تەرزەکانی تری پڕگەدا، سەرپشکیی دەشێت بە فۆنەیتیکیی گرژ یان خاو دەربپڕرێن.

٤- ناپڕگەییەکانی ( /v, ɣ, h, ħ, ʕ/ ) لەسەرەتای پڕگەدا، لەگەڵ (زرەنگدەرەوە) کاندا ڕێگەیان پێنادرێت، هەروەها ناپڕگەییەکانی (/ ʒ, f /) یش، زۆر کارانین. جگە لە ئەوەیش چەپکە ناپڕگەییەکانی ( گیراو + خشۆك) ەکان، لەگەڵ زۆربەی ناپڕگەییەکاندا چالاك نین.

٥- سەرەتای پڕگە ناشێت (چۆڵ / بۆش) بێت و هیچ پڕگەییەکی تێدا نەبێت، سەرەڕای ئەوەیش نابێت لە دوو ناپڕگەیی ڕێگەپێدراو زیاتری تێدابێت. کۆتایی پڕگەیش دەشێت یەك یان دوو ناپڕگەیی ڕێگەپێدراوی تێدابێت و ناکرێت لە دوو ناپڕگەیی زیاتری تێدابێت، لەهەمان کاتدا دەکرێت بۆش بێت.

٦- بەزۆری چەپکە ناپڕگەییەکان لە کۆتایی پڕگەدا نابینرێنەوە.

## سەرچاوەکان


١- عادل ڕەشید قادر (2008)، فۆنۆلۆژی زمانی کوردی - کرمانجی سەروو، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٢- محەمەدی مەحویی (2008)، فۆنەتیك و فۆنۆلۆژی، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٣- محەمەدی مەحویی (2008)، فۆنەتیك و فۆنۆلۆژی، بەرگی دوهەم، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٤- محەمەدی مەحویی (2010)، مۆرفۆلۆژیی و بەیکداچوونی پێکهاتەکان - مۆرفۆلۆژیی کوردیی، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٥- محەمەدی مەحویی (2016)، مەنامە، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.


## بەزمانی فارسی

1-محمود بی جن خان (1392)، واج شناسی، نظریة بهینگی، چاپ چهارم، تهران.
2-جورج یول، وەرگێران: نسرین حیدری (1388)، نگاهی بەزبان (یەك بررسی زبان شناختی)، چاپ هشتەم، تهران.

## بەزمانی ئینگلیزی

1-Ladefoged, p, (2010), (A COURSE IN PHONETICS), SIXTH EDITISON.
2-Mike Davenport and s. j. Hannahs (2005), (INTRODUCING Phonetics phonology.